www.kurdistannet.org
6-8-2006 18:54  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەفای تەم ... زانا خەلیل

کی بە قەدەر من عەرەقی زێو
کارێزی فیردەوسی عەتفتی هەڵمژیوە؟
تۆ دیوانێکی لە کافور و
مانگێکی لە یاقوتو
ڕووبارێکی لە دوڕو
تۆ ڕۆژژمێرێکیش بووی
پڕ لە ئەستێرەو میحراب و مرواری
دە پێم بڵی ئەی کارێزی نێو گڕکانی
دەمی کێشانی تۆفان
کی بە قەدەر من
لەو بێستانی تەنهاییەت
هێندە مۆزو لالنگی عەتفی هەڵکرۆژیوە؟
تۆ کە دەمی غروب
بە سەرخۆشی لە نوێژی حوزنو
لە حوزنگای تەم دەگەڕایتەوە
مانگ نەیدەتوانی تەنافی عەتفت بکێشی و
باران نەیدەزانی وەسفی عەتفت بنوسی و
خواش لە زەماوەندی دۆزەخیی بێکەسی
جێی دە هێشتین و
لە باسی سیحری سۆزی هەناسەکانیشت
هەر بە تەنها لە نهێنی حیکایەتی باخچەکانت
دەدوا
دە پێمبڵی ئەی خۆریمن..
کی بە قەدەر من
لەو ڕووبەری ڕووباری دەرونە ستێراویەت
وا دڵگەش دڵگەش دڵگەش وەکو حوت ئاو
دەژەنی؟
تۆ ئاسمانێکی هێندە نزیکی لێم
کە ئەستێرەکانت هەموو شەو
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک تنۆک
تنۆک تنۆک تنۆک
دەرژێنە نێو ئەفسانەی داستانی تەنهایو
لەهەرەمی عاتیفەم

زەخرەفەی ئەڤین مۆمیا دەکەن
دە بڵێ خۆری سەر دەریاو دەوەنی غەریبیمن
کێ بە قەدەر من
لەو ئێزدیستانە وێرانەدا
واهێندە لە ڕۆحەوە
لەباوەشی گروپی گوڵە نارنجیەکان
لە ناو ئاو
لە پەلکەزێڕینەو
لە ناو – خوناوی بە دەن – خەزنت دەکا؟
دە بڵێ کێ بە قەدەر من هێندە بە مەستی
لەو ئێزدیستانە تۆفانگرتوەدا
خەڵوەتی ماچ و ئەشک و یادت بۆ دەکا؟
دە وەرەوە نێو سیحرو فەنتازیای پێڵوەکانم
تۆ دیوارێکی هەمیشە قفڵدرای ئەو
برژانگانەمی.
دە بڵێ...
کێ بە قەدەر من
لەو لماوی ئێزدتییەتە
سەمای سەفای ماچت بۆ دەنوسی
دە تەماشاکە
ئەی وردە کریستاڵ و هێرۆینی نێو گیان
من هێشتا هەر ئەو دڵۆپ دڵۆپ
دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ
دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپ
دڵۆپ دڵۆپ ئاوەی جارانم
کە- با - ی ڕەحمی تۆ دەمهێنیو
کە بای ڕەحمی تۆ دەبی بەفووی یەزدانو
دەبێت بە ئافەریدەی چیرۆکی مەسیحیەکی
نۆژەن
دەبڵێ...
کێ بەقەدەر من
لە ڕاڤەی ڕووباری ڕۆحت شیعر هەڵدەکرێنی؟
تۆ ئەی نهێنیترین ساحیری
سەرمەستی حەرفەکانم
(ئەگەرچی دووری نێوانمان
دووری نێوانی هەناسەمو
سەحەری سەفابێت...
ئەگەرچی دووری نێوانمان
دووری نێوانی من و

فیردەوسی باران بێت)
تۆ لەمەرگ لێم نزیکترو
هەمدەم
لە نێو تنۆک تنۆکی حوزنگەی
ئەو دڵە لەتو پەتەم سوڵتانی
تۆ حەرفی لە نێو هاژەی بەسامی بیرەوەریم
هاژەی لە نێو تروسکانەوەی مانگی عاتیفەو
سۆزێکی شێتی لەچرکە ساتی عاقڵیم
دە بڵێ.... .
کێ بەقەدەر من
هێندە بە غەریبی
غەمباری غەمی ژانی غەمەکانتە
تۆ ئاوەدانی بۆ تەنهایی ئەو فرمێسکانەو
گۆشەگیریشی بۆ دەمی سەرخۆشیمو
جارێکیتر
تۆ ئاوەدانی بۆ حاڵەتی خۆکوشتن و
دەبیتەوە گۆشەیەک
بۆ ئەوەی خۆم نەکوژمو
تا دەشمرم حەرف بنووسم
ئەی ئیرەمی تەمەن
تۆ بوویت بە دۆلفینێک
بۆ ئەوەی بمبەیتەوە لای حەدباو
بۆ ئەوەی لەو قەراغ رووبارە سەرخۆشەدا
تا شێت دەبم بە
ڕووت ڕووت ڕووت
ڕووت ڕووت ڕووت ڕووت
ڕووت ڕووت ڕووت
ڕووووووتی ڕابکشێم
دوێنێ شەو
بتلێک عەرەقی لە بەفرتدا
بە سەفای نێوانی منو مانگ
گرووپێک لیمۆی ئاوەدانیتدا
بە سەمای نێوانی منو -- با --
شەوو – با – پێکتدا
بۆ ئەوەی لەو
دووووورستانی سەرابەدا
(خەزێمو – دوکەڵو – عەقڵو –
پۆرو – شانەو
تەمو – لێو – سۆزو –

کوردو – سۆرانو – وێسکیو –
شەفەقانی بانهۆفو – کرمانجو – ئیسلامو –
بیلەفێلدو – ئێزدیەت)
بە یەکەوە بخۆمەوە.
دوێنی ئێوارە
سەفاییێکدا بە ئاتەشی نێوانی
منو هەناسەم
بۆ ئەوەی بچمە سەر مێزی خواو
لەوی پی لە سەر پی
جگەرەیەکی پڕ لە حەشیش
بۆ چارەنووسی سوتاوی کچە هەولێریە
چارەنوس سوتاوەکان بکێشمو
پێکی کحولی ناکامیش
بۆ سبەینێی
کچە گریکیە
تەلاقدراوەکانی ستانی – بابانیەت –
ماڵئاوا ئەی ڕەیحانی ستانی – بابانیەت –
هەر دوێنی ئێوارە
ریزێک ئەنگوستیلەت خستە
ڕیزی ئەنگوستەکانم
بۆ ئەوەی سیحری ئەوینیان پێبکەمو
فاڵی سێکسیان پێبنوسمو
تەونی خەونەکانی پی پۆستکەمو
بە هێوریش لەوێندەر
حەرفو کحولە حەشیشیان پێبێنم
ئەی کارێزی ئێستە تەقیوی فەزای سۆزمو
ئەی سۆزاویترین دڵۆپە خوێنی
نێو دەمارە شەقبوەکانم
دوێنی کاتی عەسربوو
کە ڕۆژنامە فرۆشو
کتێبفرۆشو عەرەقفرۆشو
ئاوەدنیفرۆشو
مۆدێلفرۆشەکانت تەنگاو دەکرد
بۆ ئەوەی لە مەعبەدی هەورە تاریکەکان
ئیلهامێکی سەرخۆشی کاپیتال
بخەنە نێو پۆستی ماڵی زەمەنمو
نێو عەرەقی سیحراوی جەمەی شەوانم
دوێنی لە دەمی نیوەڕۆ
تۆ هاتیو چی زەمەن هەیە

لەو سەرزەمینە وێرانەدا
كردت بە كوخێكو
چی تەمەن هەیە لەو گەردونە بێڕەحمە
كردت بە سێوێک
بۆ ئەوەی بە كوخەكە
خۆم لەسەرزەمین حەشاردەمو
سێیوەكەش لە جەستەی
كەوە بێستیانەكان هەڵخلیسكێنم
هەر دوێنی بەڵام دەمی سەحەر
بڕیارتدا
من بكەیت بە سەفای نێو شەرابێک
بۆ ئەوەی مامزەكان
فێری سەرخۆشی بكەیتو
خۆشم
تا دەمرم هەر بە سڕی بڕەقسم
هەر ئەو سەحرەی دوێنی
بەڵام بەری گزنگ
بەو سەد تاک بازنەی
كە لە دەستی چەپی ڕۆحمت چەقاندو
بەو حەڵقەڕێزانەی
نێو زنجیری حەرفاوی سۆزی شەكەتم
گرووپێک تاوست فێركرد بە گەزەی لێوەكانیان
سینگم لەتو پەتكەنو
گرووپێک ماینیشت فێركرد
وەكو ڕۆح بەجەستەی پڕ لە دۆزەخم ڕابێن
دەبڵی..
كی بەقەدەر من هێندە
یادی زەمینی پڕ لە نهێنیو
ئاسمانی پر لە نهێنیو
شەوو دەریاو خۆری
پڕ لە نهێنی دەرونت دەكا.. ؟
تۆ ئێستە لەو شەوستانی غوربەتە
ئاشكراترین ئیمپراتۆری
هەموو پەنهانیە تەماوییەكانی ڕۆحی منی
ئەی ئەفسانەیترین و ئاڵتوناویترین
ئەشكەوتی
ئەو تاراوگەی گۆشەگیریە
تۆ مەنزڵگای ئەو دوكەڵەی
كە لە ڕووباری ڕۆحمەوە دی

وەرە و بەنزمی دیالۆگی خۆرێک لەتەم
بسازێنەو
بەزەناش لەو سارای سەفای تاریکییە
سەمای زریانو ئەبەنوس
داگیرسێنە
فیگۆری هەناسەت
هێوریترین عاشقی هەڵلەرزیوی
نێو بازنەی حوکمەتی تەمە
مەتەرێزی گرووپێک تاوسی پرچ ڕەنگاڵەی
گریکیە
کە ڕۆژانێکە لە هەوری تەمو گومانو تەجرید
کلارنێتی کۆچ دەبێژێ
ئەی بە هاشوهوشیترین لافاوی حکومەتی تەم
نازانم مۆرفیمگای نیگات قەسەرگای تەمە
بۆ شاردنەوەی شمشێری گرووپی ماینەکان
یا سۆزی ئۆفسیرێکی ڕۆم؟
چێنترۆمی هەورە بۆ شەفکردنی پۆلی
باڵندەکانو
دارستانی نێو سورەتی چارەنووس
یانیش پاپۆرێکی پڕ لە حەرفو ئاماژە؟
بڕۆوە ناو تۆفانی نافورەیەک لە ئاگراوو
بڕەقسە
ئەو حەرفە شەقبوانەت خوێندەوە
کە لە چڕستانی گیان دەدوێن
ئێرە دواترەمین بازگەی سنوری مەملەکەتە
دوورەکانی دۆزەخە بۆ ونکردنەوەی
ئەو مەمکانەی زوو ونمانکرن
دە ورد ورد بڕوانە
ئێرەش وەک ئەوی گوارەیەک ئەڵماسە لە تەم
ئێرەش وەک ئەوی ملوانکەیەک یاقوتە لە
هەڵم
ئێرەش وەک ئەوی خرخاڵێک کریستاڵە لە
دوکەڵ
ئێرەش وەک ئەوی بازنێک زێڕە لە خۆڵ
ئێرەش وەک ئەوی ئێزدیستانێکە پڕ لە
ئیلهامو
گەمەو دۆزەخ.
دە ورد ورد بڕوانە
ئێرەش وەک ئەوێندەر هەر سەرزەمینە

برۆوە ژێر لافاوێک لە ئاورینگو سەما بکە
برۆوە ناو ئەو حەرفانەی
کە لە تەمی گیانت تێدەگەن
برۆوە خێرا برۆوە
بەرەو نێو دارستانی ڤالای خەونەکانت
بەرەو نێو کەرنەڤالی
کەناری مانگی سوور هەلگەڕاوی ئەو ئاسمانی
ناموادیە
برۆوە ناو حیکایەتی چارەنوس
برۆوە نێو پەژستانی چڕی پەژمودەیو
ناو مەلحەمەی . با . و
نێو ڕۆمانی . بەرد . و
ناو چیرۆکی . لم . و
نێو قەسیدەی دوورو درێژی . تەم .
بێهودەتر بە
سورەتی خەونێکی تەماویتر
تەماویتر بە فیگۆری ڕۆحت
لەو مزگەونی پرسیارە بە بەرزی بچرەو
گۆرانی پەشێوی ئایەتێکیش
بۆ ئەو بەفرو ڕووبارانەی زەمین بنوسەوە
کە جوانیەکانی بەرەو
مەملەکەتی . فەنا . تێهەلدا.
دە برۆوە نێو پەرستگەی تەم
نێو خرخالی زیوینی گەردەنی مێژوو
نێو دیلانی عەدەمو
نێو سەهۆلبەندانی زەمەن
برۆوە بەرەو سورەتی دیلانێکی بێکەنار لە تەم
بەرەو ئیمپراتۆریەتێک لە حەشیش
بۆ ئەوەی لەوێوە
خیتابی سوتانی تەمەن بدەینەوە
ئەی بەژنی بە هاشوهوشی ڕووبار
تۆ ئەوەندە بە کاتەسترۆفە ڕاهاتوی
گەر لەناو نهێنیەکانی کحولیش بیت
هەر بیری دۆزەخ دەکەیتەوە
گەر برۆیتە ناو قەلبەزەی زیباو
ناو مەعبەدی ئالتون
گەر برۆیتە ناو میحرابی . سێکس .
هەر بیری دۆزەخ دەکەیتەوە
تۆ ئەوەندە بە کاتەسترۆفە ڕاهاتوی

گەر – با – ببێتە – بەردو –
لە واری مەمکەکانیشت ماڵ داکوتی
هەر بیری دۆزەخ دەکەیتەوە
کی لەو دۆزەخە ئەبەدییەی ڕۆحت دەگا؟
خۆ لەنێو پەلکەڕەنگینەش
کوخێک بڕفێنیتو
پەرییێک بڕفێنیتو
دوو ماسیش لە سێکس
هەر بیری تۆفان دەکەیتەوە
ڕۆحی شیرینم
دوێنی کە هێشتا نەهاتبویتەوە نێو دەخلی
دەغری
سەفاو باران و
خۆر و خۆڵ
دوێنی کە هێشتا
بەلانەی جگەرە حەشیشاویەکانو
ماڵی وێرانی پەپولە کریستاڵاویەکان
ڕانەهاتبووی
دوێنی ئەو کاتەی کە هێشتا هەر
بە ئاڵتونگەری حروفەوە سەرمەستبووی
دوێنی ئەو کاتە
کە – با – یێکی سەرخۆش
لەرزگرتەی ترسگای خیانەتەکانت بوو
تێگەیشتن
لەو جوگرافیای خیانەتە چەند قوڕسبوو؟
ئەی غوربهێنەری تەواوی سپێدان
تۆ دوێنی
کە هێشتا هەر لەنێو گیانی مەستبووی – ئاو –
بارانت ماچ دەکردو –سەحەرت – دەبردە سەر
قەرویلەی بروسکو کحولو گیتار
هەر بیری تۆفانت دەکردەوە
تۆ ئێستە
گەر لە دڵی هەموو مەمکەکانی
ئەو گەردونەش
بە سەرمەستی نوا بکەیت
هەر بیری تۆفان دەکەیتەوە
دەڕۆیتەوە سەر شەقامی تەم
بەسەر پاپۆڕێک لە شەیتان ڕودەنیشیتو
بەرەو نهێنیەکانی کۆتایی / ڕێگا دەگری

ڕوو لە ئاسمان شەپۆل بەرەو پەیامی تەم
راپێچت دەكا
بەرەو نهێنیترین دورکەیەک لە – لم –
تۆ بۆ ئەوەندە بە هاوهیجرەتی – با –
راهاتوی؟
دەڕۆیو ناوەستی
چونكە تۆ هەر بە تەنها بە كاتەسترۆفە
ڕاهاتوی..
وەكو كحول سەرمەستە
ئەو سەرابخانەی گۆشەگیرییە
وەكو – با – قەرەجە
ئەو – مەسحەفی – نادیارییە
وەكو تەمی ئەو غوربەتەش پڕ لە تێستە
چارەنوسی ڕووبار
دە با ڕەوكەین بەرەو ئیرەمگای ئەوە ئێزدییەتە
دە با ڕەوكەین بەرەو – لالش –
بەرەو كریستاڵگەی – مەلەكی یاقوت –
دە با ڕەوكەینو
ڕەوكەینو
ڕەوكەین
بۆ ئەوەی بە قامكی تاووس
لە پێستی قەدەر
بەحوبری سێكس.
ئەڤین بارزكەین
دە با ڕەوكەینو
ڕەوكەینو
ڕەوكەین
بەرەو دۆزەخستانی ئەو دیلانی ئێزدییەتە
ئەی زەماوەندی كۆچ
خەناوكەكەت هەڵدە
نێو ئەرشیفی یادەوەرییو
پرچت بەژوورە داخراوەكەم پەخشانتركە
وەكو جاران
تا دەمرین لە لەززەت مەساجمكە
ئەو هۆڵە
ئەرشیفی تەڵی دووروردرێژی پرچی
بلۆندیتە
ئەرشیفی هەناسەی تێكەڵبوون
ئەرشیفی فیراق

ئەرشیفی سیحری
زێراوی بانگی تەلەفۆنو
قورئانی ژوانو
میحرابی ئیرۆتیکو سێکس
ئەو هۆڵە
ئەرشیفی تەلی دوورودرێژی پرچی بلۆندیتە
ئەرشیفی لێستنەوەی بێدوماهی
خاڵ
لێو
مەمک
مۆزەیۆمی مرواری
ئەو هۆڵە تەمستانی مەرجانە
ئەرشیفی تەلی دوورودرێژی
پرچی بلۆندیتە
سەرابخانەی هێقی کێشانو
کارێزگەی خەونە
ئەو ژوورە
دە هەڵمگرە بەرەو سێدارەخانەی پرچت
بەرەو ئیلحادخانەی ئێزدیەت
بۆ دەبی هەر بە تەنها
ئاگر مەعبەدی ڕەیحان ڕاموسێو
هەر بە تەنها
باسکەکانی سەقەم
ڕۆناهی مانگ برفێنیو
هەر بەتەنها
پایز بەسەر کەناری خەون بخەوی؟
بۆ دەبی هەر بە تەنها تاوی بروسک
پەرستگەی مانگ ڕاموسێو
هەر بە تەنها دڵی ڕووبار
دیلان
دیلان
دیلان
دیلانی گڕ بسازێنێو
هەر بە تەنها من پارچەیەک بم
لە سەرخۆشی
لە – لم –، لە بەرد و لە فرمێسک
ئاخ..
کە من لەم دونیای نامورادییە
بە عەشقی تەمەوە ڕاهاتوم

من تێناگەم بۆ هێندە نامورادم؟
بۆ هێندە کات لام دەبی
بە بوحەیرەی زەقمو
بۆ هێندە گوڵ
گەمەی جادو دەسازێنێو
منەت بەسەر
تەمو لم و ڕووباردا دەکات؟
ئەی چاو ئەستێرەی پرچ تۆفان
گەمەی زێتر بکە
بە تاوەری وێرانی ئیحساسم
گەمەی زێتر بکە
بەخەناوکە ئاڵتوناویەکەی گەردەنم
بە گۆپکەی مەمکەکانم
بە وەحشیەتی جەمی سێکساندن
بە ئایندەم
دە گەمە بکە بە تەمو لم و ڕووبارو تۆفان
گەمە بکە بە ڕۆح
لەو ستانە مۆدێرنەی ئێزدیەت
ئەی زریانی پێکە جوانەکانی تەنهایم
دە گەمە بکە
گەمەی زێتر بکە ئیحساسم
من قەدەرمە
دیوانێکی مێژوو بم لەکریستاڵی نێو برین
دە گەمەی خەتەرتر بکە بە ئایندەم
من قەدەرمە بۆ تا ئەبەد
لەو نیشتیمانی لافاوە
ڕەگەزنامەی سەرابم لابێ
تۆ شەوستانێکێتری لە نامورادیم
ئەی پرچ ڕەنگاڵە
گەمە بکە بە عاتیفەی ئاو
بە ستانی باڵشکاوی ئیسلامیەت و
بە مەیخانەی زەمەنو بەزمگەی تەمەن
منیش ئەووەتەم
بەرەو دەوارگەی تەمو
ئەو سەرابخانەی خەونە بەرێوەم
شەپۆلی کات دەمبا بەرەو
مەعبەدێک لە – با –
بەرەو کوژانەوەیەکی بێدوماهی
من کات دەکوژێنمەوە

من هەمو کاتەکانی سەرزەمین
دەکوژێنمەوە
بۆ خۆم لە تارمایی کاتە کوژراوەکانی
سەرزەمین
بە ڕووتی ڕۆدەنیشم
من بەسەرمەستیو قۆدگا بە دەستیەوە
هەمو کاتەکانی دنیا دەکوژێنمەوە
کاتیش بالاًم
ئێمە
من و کات
بارانو خۆمانو بەرد دەکوژێنینەوە
ئیتر هیجرەت بەرەو خۆڵ دەکەینو
دەبینەوە بە سەرزەمینێکیتری پڕ لە بورکان
ئێمەین خاچی قەدەری خۆمان لایەو
بەرەو دارستانی – مۆمیا – و
مەهجەری مێژوو بەرێوەین
ئێمەین خاچی زیبای یەزدانی زەمەنی
ئەو تەمەنەی خۆمان لایەو
بەرەو هەرێمی حەرفەوە بەرێوەین
ئێمەین لە تەفسیری ڕەیحان تێنەگەیشتینو
بە دەروشانەوەی
دەروشاوەکان نەگەشاینەوە
ئێمەین....
دە بدرەوشێوە ئەی تەنهایی پیاو
جگە لە سواربوون
دەبی ژن
چ مەتریالێکیتری ئەو زەمینە وێرانە بی؟
جگە لە سەنعانێکی کەمفامی
لادەری تەسەوفی شیعر
منیش تەنێکیتر نیم
لێرە
برۆ دونیای فیزیاو بەردو زریان
بۆ ئەوەی فێری ئەتۆمی بێسۆزی بیتو
جارێکیتریش
نەڕۆیتە نێو فیردەوسی دۆزەخاوی مەحەبەت
ئەمرۆ دەمی شەفەق
تەنیا بووم وەکو تەنیایی
لە چاوەڕوانی پۆستی سەراب هەڵدەلەرزیم
بەناو باخچەیەک لە هەناری حوزن

بە ڕووتی ڕاوەستابووم
ئەمڕۆ دەمی شەفەق
چاوەڕوانی – با – ییێکی نۆژەن بووم
کە تەرزە بێنێو
چاوەڕوانی سەرابێکی کۆن بووم
کە شەوستانێکیتر بێنێو
چاوەڕانی نێرگز بووم کە دوورتر
لەگەڵ – باهۆز – بڕواو
ئیتر سەرزەمین بچێتە شوشەو
بە ئەڵماس
حەرف لە سینگی حەفر بکا
ئەمڕۆ دەمی شەفەق
من لە گۆشەیەکی پاقژگە
بە ڕووتی ڕاوەستا بووم
چاوەڕوان نەبووم گرووپی ڕۆحە سەرخۆشەکان
دەوارەکانیان هەڵدەنەوە
چاوەڕوان نەبووم ئیتر
کۆترەکانی وجود
بگەڕێنەوە باوەشی باڵکۆنەکەم
شەفەقی ئەمڕۆ
کە بەسەر قەرویڵەی ئاو
لە کەنارێکی – لم –
بە ڕووتی و چاوی بەخەونەوە ڕاوەستابووم
من چاوەڕوانی ئەو پەپولانەم نەدەکرد
کە بە پێکی حەشیشیان ڕاهێنام
من هەرگیز بیری
چاوەڕوانیم نەبوو لە نێو ئەو بەردە
تا چاوم بکەوی بە وەفدی
ئەو ماسیانەی لای خواوە هاتبوون
من وتارم لانەبوو
تا جارێکی تر لای خەون بیخوێنمەوەو
من بارانم لانەبوو
تا جارێکیتر
بچمە لای لم و برەقسم
تۆ هاتییو لەگەڵ شەفەق
بێزەنگ لە دەرگای ماڵی ئاو نەوەستای
لەگەڵ شەونمی
حاڵەتێک لە شیعر حیکایەتتکرد
چویتە سەر قەنەفەی ماڵی دوکەڵ

چاوەکانت دایە لێوی
گەمەی کۆترێکی لەرزۆکو
پرچیشت وەکو گزنگ
بە حەقلی ژوورەکەم
هەڵواسی..
شەفەقی ئەمڕۆ
ئاگری پێغەمبەرەکان فێنک هەڵگەڕاو
سوپاییێک لە پەڕەسێلکە گەیشت
ئیتر تاوسی مەلەک تەنیا نەڕۆیشتو
مەسحەفی ڕەشیش
بی خوێنەر نەمایەوە
شەفەقی ئەمڕۆ چەند جوانی؟
ئاخ موسی مەوسیمی هەڵزڕانی هەناسەکەم
شەق
شەق
شەقیکە ئەو ژوانگەی کۆکاینە
من لە دوکەڵی مێژووی – با –
حاڵەت دەژمێرم
من هەر بە گۆشەگیری ئەو ئێوارانەیە
لە – مۆرفیم – دەگەمو
من هەر بۆ خاتری هاڵاوی ئایندیە
بە تۆفان ڕاهاتوم
ئاخ موسی مەوسیمی هەڵزڕانی هەناسەکەم
ئێواران
کە دەرۆمە نێو هاڵاوی
ئەو دۆزەخەی بەفرو تەزینە
چەند جگارەیەکی سەرخۆش
پڕ دەکەم لە چاوەڕوانیو
وەکو ئاو
لە بەردەمی وێستگەی پاسەکان
هەڵدەرزم
ئێواران کە لە کوخی سەهۆڵ
چاوەڕوانی خەڵوزە غەجەریەکان دەکەم
من خۆم دەبم بە دوکەڵو
من خۆم دەبم بە شەیتانێکی لاواز
بۆ سیراعی – ئاو –
دەواز لە ماڵی شەختە بێنە
ئیتر وێستگەی پاسەکان جێبێڵە
ئاخ موسی مەوسیمی

هەڵزڕانی هەناسەکەم
ئێواران کە بە سەرخۆشی
دەڕۆمە ناو ئەو تەمستانی پرسیارە
قوڕگم لە جگەرە / وەڵامی شەونمی نابێو
چاوم لە خوێن / فێری فیراق نابێو
ڕۆحیشم ئەبەد بە جێهێڵان ڕانایێ
ئاخ موسی مەوسیمی هەڵزڕانی هەناسەکانم
ئێواران تا دەمرم
وەکو پایز
هەر چاوەڕوانی – با – دەکەم
بۆ ئەوەی وەکو کحول بمسوتێنێو
بەرەو پۆستی ماڵی لمێکیتر بەرێمکا
ئەی ڕووباری حەرفو ڕۆحو ڕۆمانسیەت
شەهادەی ئاینی وشە بێنەوەو
جارێکی تر
بگەڕێوە
ناو بەرماڵی گەمە جوانەکانی نامورادی
خوێنی چاوت بکە خەڵاتی بەردێک چاکترە
ئەو جگەرانەیش کە بەقەڵەمی حەشیش
زەخرەفە کراون
بۆ سەرابێکی هەڵمژە
کە سبەی لجوئی نێو لەپەکانتی پێدەبەخشی
لەرزینی دڵت بکە دیاری حەرف
ئەی ئاسمانێک لە بارانو عەردێک لە تەم
ئەو – با – یەی کە حوزنت پێدەدا
هەر بە تەنها مەدالیای سواربونی پێبدە
وازبێنە
ئیتر
مەڕۆوە نێو هاڵاوی ئەو دۆزەخەی بەفرو تەزینە
دوێنێ کە قەڵەمەکەم ترازن ڕفاندی
من خواستم لە نێو دەفتەری عاتیفەم بنوسم
خوێنی غەریبیم خوازیاری دوکەڵە
نزیکەی سەرجەمی دوکەڵەکان
دوکەڵی قەوانە برۆنزیە گرانبەهاکان
دوکەڵی تەنیایی پڕ لە حەشیشو
دوکەڵی قەرەباڵغی پڕ لە هێرۆینو
دوکەڵی ویساڵی پڕ لە کۆکاینو
دوکەڵی ڕۆژانی بیستی مێرچو
دوکەڵی سوتاندنی گوڤەک

دوكەڵی ئێوارانی شیعر و
دوكەڵی نێو زەمەنە جیا جیاكانی نێو تەمەن
ئاه
كە ڕۆحم
خوازیاری دوكەڵە ڕەشە پاكپۆشەكانە
دوكەڵێك كە لە – تەم – بێو
لە –ئاو – بێو
بكرێتە
پرچی دوورو درێژی عاتیفەشم
تۆ ناتوانی جەنتاكەت بخەیتە ملی – با – و
ئیتر بڕۆیتە تەم
سەفەری تۆ
لەو قەسری حەرفو
فیردەوسی سێكسو
باغی پڕ لە مەرجانی ئەڤینی من / مەحاڵە
تۆ ناتوانی جەنتاكەت بخەیتە ملی ڕووبار و
ئیتر بڕۆیتە دوكەڵەوە
تۆ قەدەرتە بگەڕێیتەوە نێو دارستانی
نێوانی مەمكەكانمو
تۆ قەدەرتە
من ئایەت لە قورئانی پشتت زەخرەفە بكەمو
ئیمپراتۆریەتێك پیتی ڕۆمانسیش
لە ڕۆحت هەڵبكەنم
تۆ قەدەرتە بگەڕێیتەوە
نێو قەرویلەی بەردو
نێو جگەرەی هەورو نێو پایتەختی شەونم
ئەی پرچ پایز
تۆ ناتوانیت جەنتاكەت بخەیتە ملی – تۆفانو –
ئیتر نەگەڕێیتەوە..
كاتی كە گوێم دەگرت لە حەرفی
پارچە شەیتانەكانی نێوانمان / ناحەق نەبووم
لە دامانم
بەرەو وێستگەی دابڕان بەڕێوە بووم
ناحەق نەبووم
كە دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی فێربم
دوای هەر سەحەرێك
غروبێكی تاڵی بەڕێوەیە / ناحەق نەبووم
كە هاتی
كافێی عەشقت خەڵات كردمو

ئایس كافێی ماچت بۆ خوێندمەوەو
حیكایەتی دوورو درێژی
كوردو سێكسو تۆفانت بۆ نوسیمو
لە تەنها قەروێڵەیەک
هەزار شەفەقمان كردەوەو
لە تەنها گلاسێک
ملیۆنەها
قومی كوَلاو شەرابو ماچمان خواردەوەو
خۆشمویستی / ناحەق نەبووم
كی بە قەدەر تۆو دایكم
لەم گەردونە گەورەیەدا
لە چاوەڕوانیمدا ژیاون؟
چاوەڕوانیەكانت
بخە دەفتەری مۆمیاوە
ناكری ئەو بۆقعانەش لە یاد بكەی
كە بە لێوەكانت لە سینگمت هەڵدەكەنی
چۆن دەكری
لە یادكەی ئەی بەژن زریان
كە تۆفانم ڕوخاندو
تەمم خستە گلاسی دوكەڵەوە
بە نینۆكەكانت
بەرەو ناخی عاتیفەم هەڵدەزەنای و
ترسی لافاوت نەبوو..
ترسی تاوسی مەلەكت نەبوو
كە لە نزیكرا
بە ڕوخسارێكی گرژ
خیتابی بەخیلی دەدا
تۆ بە نینۆكەكانت
نینۆكە سپیەكانت
بەرەو ناخی ڕۆحی عاتیفەی سپیم
هەڵدەزنای
دەهاتیە ژێر سیحری مەمكەكانم
بۆ (مەسحەفی ڕەش) دەكەوتمە نوێژ..
ئەوە چ ئێزدیستانێک بوو لە سێكس؟
تۆ / ئەستێرەكانی زەمەنت
لە نێو باوەشی – با – ڕاكشاونو
تیشكی گزنگاوی هەناسەكانیشت
بوونەتە مەلحەمەیەک لە حەشیش
لێرە باڵات قەروێڵەیەكە

لە نێوانی
گەردەلوولو
بەهەشتو تەزرە
ڕاکشاوە..
لێرە
زێتر تەم مانگ وندەکاو
هیجرەتی مانگیش
بەرەو کەناری ئاگر بەڕێویە.
ئەو تەمستانی نامورادیەت
کەی دەڕەوێتەوە؟
تۆ/ هەردەم
لە پرچی سەرابە بێرەحمەکان
کۆنکانی عەشقت سازدەکەی
سەمادەکەی لە تۆفان
عەشقدەکەیتو عەشقدەکەیتو
عەشقدەکەیتو عەشقدەکەیت
تۆ لە بەژنی تۆفانە گەرمەکان
گەمەی
پڕ لە زریانو حەشیشو کحولی
عەشقی خۆت سازدەکەی
تۆ بێکۆتای دیلان بۆ مەرگی خۆت سازدەکەی
تۆ ئەستێرەکانی تەمەنت
لەناو – بەرد – ڕاکشاونو
تیشکی ئاورینگاوی گلێنەکانیشت
بوونەتە دارستانێک لە چاوەڕوانی
تۆ هەموو ئەڵقەکانی سیلسیلەی
نێوەندی نێوانی لێوو زمانی عەتفمی
ڕێبگربە
لە بەردەمی ڕوخانی نیشتیمانی
بەیبونە جوانەکان
ڕۆحت ببەخشە بە گەمەی نێوانی
بەردو – با – و – روبار – ی نامورادیم
تۆ هەموو ئەڵقەکانی سیلسیلەی
نێوەندی نێوانی منو زمانی عەتفمی
بڕۆوە ناو کارێزی مێژوو
تۆ خۆری نێو مەزرای سەوزو سوری
سەرزەمینی کریستاڵی
فێربووی مەمکەکانت
مەمکە سپیە سیحراویەکانت

فێری دەربەندی پڕ لە ئیلحادی
لە پەکانم بکەیتو
بمبەیتە بەردەم باخچەیەک
کە پڕ بێت لە شەیتانی خواییو
کە پڕبی لە خواوەندی مولحید
دەبڕۆوە
با من لە حەرفی
تاوسینی گۆشەگیری بگەمو
چیرۆکی هەزار ساڵەی مەمکەکانت
بۆ بارانو
بۆ دارستانو
بۆ ئێوارانی
ژێر هەورە دوکەڵاویەکانی دڵی ئەوروپا
بچڕمو
جارێکیتر شەیتانمان خۆشبوی
دە وازبێنەو بڕۆوە ئەسفەهان
ئەی ناکامیترین قەدەر
لای ئەو رووبارەی فێری وشکبوون نابی
دەمانێک لەگەڵ تەم
بەسەر بروسکە پرسیاری
قورس
قورس
ڕادەکشاینو
بۆ هەمیشەیی لە راڤەی
زیبایی ئەڤین دەدواینو
باسی ئایەتی چارەنوسو
کزبینی چاوی ئایندەمان دەکرد
لە گەڵ پرچی درەختەکان دەپەیڤینو
ماچی تاریکایی شەومان دەکرد
چی ئەستێرە هەبوو دەمانژماردو
سێکسمان بەهەموو تەنیایەکان دەفرۆشت
چەند لەزەتداربوو کە دەبووم بەشەرابو
دەچوومە رۆحی تەمەوە
هێدی هێدی بە سەرخۆشی
برژانگەکانی
چاوی خوامان دانە دانە دەژماردو
باسکی رۆمانسی درەختەکانمان
دەکردە کوخێک
دەهاتیە سەر سینگمو دەچوینە تۆفانەوە

تۆ هەر لە برۆنزیەتی چاوی ئەسفەهانو
لوسیەتی نێوەندی نێوانی
مەمکەکانی ئەسفەهانو
ژیاری هەزار ساڵەی خوێن دەدوایت
دەمنادەمێک
بۆ شەوی هاتنە خوارەوەی
ئەستێرەکانی ئەسفەهان
دەگریایتو
مۆمی سی ساڵەی تلانی فیردەوست
دادەگیرساندو
منیش ناچار
باسی مەرگی سەفاو
باسی بارینی تاعونم دەکرد
منیش ناچار
باسی لافاوی قورو سکڵم دەکرد
لەو کاتە
عاسیفەیەکی نەرم نەرم
وەکو مەمکەکانت نەرم
خۆی دەکرد بە خوداوەندی
ئەو تیاتەیەی
کە فاڵو درەختو مەرگ
بۆیان دەسازدانی
ناچار دەگەڕاینەوە ژێر
ئاسمانی ئەو کوخەی
کە زەخرەفەی پرچی درەختەکان
بۆیان کێشابووین
لە نوێوە بەسەر ڕانەکانمەوە
دەتپرسی:
(دەزانی خیانەت چیە؟)
دەمهێنایتەوە نێو گەردەلوولی سینەمو
. نەخێر
من و ئەو دەڤەرە لە خیانەت تێناگەین
بە چاوەکانت سیحرت دەکردو دەتگوت:
(خیانەت ئەو ماچانەن کە لە
ئەسڵی ئەڤینەوە نین)
دەوازبێنەو
بڕۆوە ئەسفەهان
ئەی ناکامترین قەدەر
لای ئەو ڕووبارەی

کە گزنگی عەدەم ناناسی
بیلەفێلد
1998

غوباری عەدەم
چارەنووسی نەما ئەی خودا
قەینا
با باڵای (پاڵاس) و سەماتان
لە بەژنی زیبوینی تاوەرو سەماش
سەفیناویتربی
قەینا
با باسکی تاووسەکانتان
لە مەمکە بەفراویەکانی بەهەشت و
لە درامای نامورادی ئێمە ئاسماناویتر بی
قەینا
با لێرە
پەرسگەکانی ئاو
سارا بخەسێنی و
با ئاتەشگەی شەراب ژیلەمۆییتر بی
با سەفای ستیانەکانتان باخوسیتر بی
قەینا
با بۆ دەمی بە ناچاری
لەگەڵ هانکەی بەرد بخەویت و
با دیوانی تەمیش جەمی بکەیتە خۆڵەمێش
دە بڵی
ئەی عاشقیترین و خەمڵاویترین
فەرهەنگی وجود
کوانی
زناکاویترین چرکەی گەمەکردن بە تنۆک و
کوانی تنۆکاویترین سەمای عاتیفە؟
کوا هەڵچوناویترین
چرکە زناکاوییە پاکیزاوەییەکانی
ویژدانی (دەریا)
کوا هێوریترین بارانی بەخشینی
زریزەی مەرجاناویترین
زەخرەفەکانی "سەحەر"؟
کوا سەدای دەفی ماچ و
کوا عاتیفەی بەخشینی

ئەنگوستیلە زیوینەکانی بەفر؟
کوا سەمای نەوای مۆدێرنیزمیترین
حەیرانژەنە کافوراوییەکانی تاوەر؟
ئەی لە کوێن
ئەو بەحرانەی کە بۆ نەغمەی دەفی حروف
دەبوون بە ئاورینگی پڕ لە نازو نووزی باران
ئاە خودایمن
ئێمەین لەحزەکانی وجودمان خۆشدەوی و
ئێمەین بروسکەو تریسکەی چاوە
خواییەکانی
ئەو خوشکانەی خۆمان خۆشدەوی
کە بە عەشقی برا خائینەکانیان ڕاهاتوون
من لەو غوباری غوربەت و
من لەو غوباری عەدەمە
گوناهباریترین قەرەجم بۆ خود
ئەی خودی مەست
بگەڕێوە جەم تاوەر و
جارێکیتر
حروفە شینە ئاسماناوییەکانی
هەڵدە نێو پرچی نارنجی
برادەرە نارنجییەکانی وجود.
دەزانم
هەر ئەوێندەرە
پایتەختی دەف و کەوێڵی چاوی ئیلهام
ئێستە
ئێرە مەملەکەتێکە
لە وشەی تێکەڵی ئاگرو
جوانیترین کورخانێکە بۆ پسانی تەڵی
تەسبیحەکان
دوێنی کە جارێکیتر جەنتاکەم کردە کۆڵ
شەراب بوو بە مەتریال و
بەرد بوو بە شەراب و
تۆفانیش بە سەرزەمینێکی کاولتر
ئاخ برادەرە ئەسمەرە تۆزاوییەکان
قەینا
با بەدوای ڕوانی سەرابیترین خەندەش
سەرگەردان بین
با بالاّی "پالاّس" و سەمای ئەوانیش
لە بەژنی تاوەرو

سەمای ئێمە بەرزتربی
با باسکی تاوسینی تاوسەکانیان
لە ستیانی بەهەشت و
درامای عەشقی ئێمە ڕوونتربی
بەلاَم پوشی کوخی وجودمان لە عەشقە
ئەی برادەرە
ئەسمەرە ئەسمەرە تۆزاویەکانی تەمەن.
ئەدەنە
مای1999
ئیلهامی ئاو
نوێژێک بۆ قاسپە قاسپی دیلانی
ئەو کەرنەڤاڵی نیکۆتینە سازدەو
لەو کەناری ڕووباری کحولەو
لەو دارستانی حەشیشە
بەسەرکەشی ڕاکشی
با دنکە خەون و
دڵۆپە نێرگزی تراویلکەو
تنۆکە خوناوی سێو داتپۆشی
لەو مێرگی زەمەنە باراناوییەدا
گوڵاڵەو هەلاڵەی قەدەر بچێنە
با ڕەیحانی حەرف و
با لێزمەی تەرزەی زریان و
با ئاگری فێنکی شەماڵ دادپۆشی
دە ڕاکشی و
ڕاکشی و
ڕاکشی
لەنێو بریسکەی بەختی
ئەو وەنەوشە سورە سەرمەدیانەی
سەماو
باوەشی
ئەو ڕاقیسەچیە غەجەریانەی خومار
ڕاکشی و
پۆشاکە مەعریفیەکانت
هەڵدە نێو زەماوەندی جنون
ئەی خودا
پۆستەچیانە ڕەنگاڵاویەکانی پەپولە
بەپێی خواسەوە
لە ژێر بارانی ورێنەدا
بە فلوتی بەفرو

بە کلارنێتی ئەستێرە
کۆنسێرتی خاچیان سازدا
هەموو ستیانەکان
گۆڕستانی هەموو ستیانەکانی بەرباران
بە چەرخی چرکە هەڵزڕێنەو
گۆپکەی لێوی مانگ لە توپەتکە و
واز لە عەقڵانیەتی سارا بێنە
دوور دوور لەگەڵ پەپولە برۆ
بۆ ئەوەی لەو شارستانیەتی شەونم و نێرگزە
لجوئی عەشق وەرگریت و
ئیتر
لەو مەلەوانگەی تاووسەدا
سورەتی تنۆک بنوسیت.
بیلەفێلد . یونی 1999
مۆمیا
ئەی ئەستێرە کریستالاویەکەی نێو شاڵاوی تەم
تۆ خۆت
لە زەڵەوزەنای تەرزەی زریانەوە هاتووی
تۆ لە فنجامی ڕەشەباو ڕەهێڵەوە دیرۆکت
خوێندەوە
هەر کەس بێگومان
کە ترسی گەڕانەوەی نێو تۆفانت نییە
ئەی ئەڵماساویترین شاخی نێو تاریکایی
دوکەڵ
تۆ خۆت
لە مەلحەمەی برین و تۆفانەوە لە دایک بووی
بە دەسرازەی یەقین بەسترای و
بە پێکی باهۆز ئاوداری و
هەر کەس بێگومانە
کە ترسی گەڕانەوەی نێو خاچت نییە
ئاخ و ئاخ
ئەی برینداریترین مانگی نێو ئاسمانی خاچ
تۆ خۆت
کە پێڵوەکانت ترازاند
یەکڕاست سەراب و دوکەڵ و بورکانت دیت
هەرکەس بێگومانە
کە ترسی گەڕانەوەی نێو مەملەکەتی خەونت
نییە
خەون بۆ تۆ

ئۆقانوسێکە لە نەهەنگ و مرواری
بیابانێکە لە لم و باران
هەر کەس بێگومانە
کە ترسی گەڕانەوەی نێو گەردەلوولت نییە
تۆ بە تەرجەمەکردنی هەورو خەون
بەناوبانگی
حەرف و حەرفی هەورت وەرگێڕایە
سەر نمەی باران و
حەرف و حەرفی خەونیشت وەرگێڕایە
سەر شێوازاری حەقیقەت
جا کی ترسی ئەوەی هەیە
کە تۆ نەڕۆیتە مۆمیاوە
ئەی مەسیحی سەدە
ئێستە مێژوو دەرگاکانی ئاوەڵان
مێژوو وەفدێکی ناردە لای . جیزە .
مێژوو کەشتیەکانی ناردە جەم
چاوەکانی ئەستەمبۆڵ
مێژوو کە ئەورۆ دەگەڕێتەوە ماڵ
ئەستێرەیەکی مەسیحی میوانیەتی
سەر شانەکانی بە نیشتیمانێکی کاول
زەخرەفە کراون
چاوەکانی بە خەون ڕەنگوڕێژو
باڵاشی بە هەور داپۆشراوە
مێژوو کە ئەورۆ دەگەڕێتەوە ماڵ
مەسیحێک میوانیەتی
سەرشانەکانی بە مەملەکەتێکی بێزار
زەخرەفە کراون
بێگومان
ئەمڕۆ مێژوو
دەتخاتە نێو هەرەمی مۆمیاوە
ئەی ئەستێرە کریستاڵاوییەکەی
نێو هاژەو بورکانی تەم
بەرلین . مێرچی 1999
سەڵاو پروکاویترین
نەورەس
کورسیەکانی سەڵتەنەت لە ئەبەنوسی غروب
بۆ چەسپاندین و
بە زێڕاوی تراویلکەش
زەخرەفەی حیرمانت بۆ نەخشاندین

فەرمانبوو
ئاوی ڕژاوی لم بخەینە نێو گڵاسی وجود
بۆ ئەوەی چارەنوس سەفا دۆستبی
فەرمانبوو بەسەر پەلكەزێرینە ئاوابین
بۆ ئەوەی لەگەڵ هەتاو ڕاموسێین و
گەڵا گەڵای باراناوی ڕۆحی شەراب
ببێتە پۆشاكمان
فەرمانبوو فەرمان
بەبەر سیمای قەدەر مەرگ ڕاگرین
بۆ ئەوەی پلانی هەڵكۆڵراوی
تەوێڵمان بگۆرین
تاوەرت لە حیرمان بۆ هەڵچووادین
سێو لە غوبار
مار لە گومان
گوڵەگەنم لە سوتان و
دەرسی گەڵا وەریوەكانیشتدا
كە ئێمە لە ئاوی ئەوێین و
چارەنوسە دەبی بە ئاتەشگەی ئەوێش
زەمەنمان بخوێنینەوە.
مەوسیمی لم
ئەی مەوسیمی كەرنەڤاڵێك خۆڵ و
برۆنزیترین پایزی بە فەنا كێڵدراو
هەمدیس جلی پڕ لە هەژانی هەورت
هەڵكێشایەوەو
سیمای خۆراویت
بە ماسكی عەدەم ڕەنگرێژ كرد
خاچێكت لە بروسك ڕفاندو
جریوەی تیشكت هەڵڕماندو
بەسۆز سوێندت داین
ئیتر ئێمە جێنیشینی دەواری پایز بین و
هەر وەریسی سامانی لمیش بین
زنجیرەی زەماوەندی ڕۆحمان پچڕاو
جارێكی تر
گرووپی پەڕەسێلكە پیرۆزەكان نەگەیشتن و
پەلكەڕەنگینەی دەنوكی كۆترەكان نەگەیشتن و
بڕیارتدا
خوداوەندی بەختمان هەر لە ئاگراودا هەڵبكا
. یولی . ئەی گوناهباریترین زایزۆنی زەمەن
شەقامەكانی گەردوون

به عەبەسی شەونم ئاو دەدەیت و
کۆشکی خۆرەتاوی ئیمەیش به سەمای
تاریکی
گۆڕستانەکانی نامورادی ئیمەیش
به مەرگی خۆرەتاو
دە بڵی
کی له لۆژیکی ئەو شانۆنامەی ماتماتیکە
نیرگزی دەسدەکەوی؟
ئەی زایزۆنی درەوشاوەی مانگی بەخت
کوا لەززەتی ئیستاتیکای وجود کوا؟
گومانی بەرد
به هەڵمژینی نەغمەی هەلاڵەیی
ئەو ئەستیرە سەرخۆشانە ڕاهاتبووین
که له بانیۆی ئیرۆتیکی دوکەڵەوە
گزنگیان دەدایە خوماری کلۆڵیمان
ئەی وجودی مەست
به لیواری زیواڵ زیواڵی چارەنووس
له تەواف داین و
به لیواری سووتاوی قەدەر
مەرگ دەنیژین و
هەر له نیوانی گومانی سەدای سەرابداین
له لیواری شەماڵ و کەون و وجود
فرمیسکەکانمان دەخوینمەوەو
کەنار زەریا دەنووسم و
مانگ دەنوسم و
خوا دەنوسم و
هەر لەنیو قومارخانەی گومان
ئایەتی چاوەکانم دەبینمەوە
دەروانمە هاژە هاژی سیراتیک له گومان
دەروانمە ناڵە ناڵی کانییک لەتەم
دەروانمە دڵۆپ دڵۆپی ئاسمانی بیابانیک له
تیشک
دەروانمە میژووی ناتۆرو گومان دەکەم
له میژوو
ئەی وجودی عەبەس
بیزارتر له شەراب
دووەرە با هەردووکمان
خۆمان لەو تەنیایی مەرگدا جیبیلین و
سەفەرمان خۆش

پاریس . یۆلیۆ 1999
هەڵدانی هەڵمە زیبوینیەکان
زناکی خاچێکی ئەبەدی خاچێک لە لم و
هەڵم
بەسەر دەرگای ئەو بلیاردخانەی قەدەر
هەڵبواسەو
فەرمان بدە
جگەرێیەکی مەست
بەسەر داربازەیەکی مەسیحیانە ڕابکشی و
پۆشاکە کاهیناویە ئەسمەرەکانیشت
هەڵدە نێو پرچی پرووکان
ئیدی لێرەوە
یەکەمین وشەی تەوراتی سێکساندن
بۆ ئەو وجودە سەرخۆشە بنەخشێنە
بتلێک دوکەڵ و
بیابانێک مەمکیش
با بەدەستی چەپتەوە بی
بە مەستی لە لم و ئاودا ڕاکشی
دەزانم ئەی دراما سەردەمیە سەرخۆشەکە
دەستی ڕاستت لە هەلاڵەو بەیبون و
بارانە
گۆڕێک هەڵکەنە بەو دەستانەت
با کفنی لە شیعرو کێڵی پەپولەو
گۆڕێک هەڵکەنە
ئێوارانی لە خۆری خەون و
ئالای لە هەتاو بی
گۆڕێک بەو دەستە جوانانەت هەڵکەنە
ئەی شازادی مەرگ هەر
بە پێوانەی
ئەو بی شوێنیە کەونی لێبنێژە.
ڤینیسیا . دیسەمبەری 1999
کەلاڵش دەبێتە میحراب
ئەی سەفاگەی سەراب و خەون و
هەلاڵەو سەقەم
کی چرا سەرمەستەکانی نێو کنایپەی زەمەن
دادەگیرسێنی؟
جگە لە قامکی کارئاسکێک
کە بە گولاوی ڕەیحان هەڵچووبی و
بەخوناوی سێو ئاودرابی

کی نەیزەکی ئاسمانێک لە دوکەڵ
دەکاتە خوداوەندی هەموو ئاسمانە
سوتاوەکانی زەمەن؟
جگە لە تاوسێک کە بە حەرفی مەسحەف
شورابی و
پەلە ڕەنگینە ڕەنگیکردبی و
بێدوماهی شەرابدۆستبی
ئەی وێرانترین چارەنووس
من لە ناو ئەو دارستانی تاریکیە دا
مەستم بە شەرابی داستانی تەم
هەتاوی وجود بەڕێوەیە
لەو سارای نەورەسانەدا
هەر مەستم بە چاوی فیغانی دەف
لە بازنەیەکی سەرمەدی هەڵم ئامێز
دەروانمە نەخشەی ڕاڕایم
کەی دی وجود
لەو سەڵتەنەتی سەمایە هەڵمانچیوێنی؟
ئاخیرەتی گزنگ
چارەنووسە ئەی ئاخیرەت
هەناری سینەی والامان
بە زریان داپۆشری و
سیمای پرچ کوژراوی حەقیقەت
تراویلکەی پژێنیتربی
چارەنووسە ئەی ئاخیرەت چارەنووس
بە هەرەشەی شەپۆلی ـ با ـ ڕابێین و
ئیتر تاج بخەینە پرچی عەدەمەوە
بێزار بووم لە هەلاتنی بەر ڕەهێڵە
بە هەور ڕاهاتم و
دەروازەی مێژووی ئاوم ئاوەلاکرد
لە ژێر برووسک ڕاکشام و
شەوەهای شەو
ئاوێزانی ڕۆحی خۆڵ بووم
بۆ دیدەنی خەون سیحرم دەکردو
بۆ کەزیەکانی مانگیش تەواف
بۆ خۆشم
بانگەشتەی سپێدەیەکی گزنگ نەکوژراو
ئەی سەماگەی ڕۆح
بومەلەرزەی کەزیەکانت درەوشاوەترکە
لافاوی پەیکەری بەژنت بڵندتر

درامای شانۆی چاوت درێژتر
چارەنووسە ئەی ئاخیرەت چارەنووس
بۆ ناشی
تاڤگە بارانمانکەیت ماڵمانئاوا
نامورادی بخوور
ئەی پەناگەی شەونمی عەتف و
باران و
سەمای حوزن
ئێستە مەرگ قورسترین لێشاوی ئەڤینە
لە سورەتی یادو
زەمەن لافاوێکە بۆ خورانی برژانگەکانی
عومر
کی لە چەمکی فیردەوسینی مەرگ دەگا؟
کی لە پەنهانیەکانی ونبوون سەما دەناسی و
کی دەتوانی تەلیسمی کۆچی . با .
بخوێنێتەوەو
کی ئەدرێسی قومارخانەی رۆحی
لا دەسدەکەوی؟
ئاخ.. ئەی لانەی
باران و
عەتف و سەمای نامورادی
بزانە سنەوبەرەکانی وجود پەژمووردە دەبن و
پرسیشمان ناکەن
تۆ تەماشای ئەو دیرۆکستانی خەیاڵەت بدە
کاتی ئەو بۆت رووبارێک مانگ بوو
وەک کاروانی وجود
بە لێواری شەختەبەندی یاڵی تاریکت
هەڵدەزنا و
دەبوو بە مۆمی کریستاڵ
لەو پانتاییە پرووکاوەی ئیماراتی منداڵیت
ئەو زەمەنە جگە لە خەون لەچی دەچوو؟
کاتێک گەمەت دەکرد بە ئەستێرەو
ئەو سەردەمە جگە لە شەراب لە چی دەچوو؟
کاتێک ئەو ئاسمانێکی کێڵدراوبوو
بۆ ئەوەی ئەستێرەکانی سەفات
بفرێنیتە نێو عەردی تەماوی مێژووتەوە
ئاخ ئەی هاوجەمی شەراب و رووبار و
بارانی عەتف
ئەو دەم

ئەو نوای دەمی گڕكانی بروسكی مێژوو و
ئەو سەدای كلارنێتی نێو زەڵەوزەنای
بومەلەرزەی چارەنووس و
ئەو بۆت نەورەسێكی باڵا مراوی باراناوی بوو
ئەی پێكاویترین برادەری عومر
مێژوو ڕووبارە
بە خەرەندەكانی وجود دەگوزەرێنی
تۆ تەماشای ئەو مێژووە بدەو
كتێبی ئەو كارەساتە بخوێنەوە
بڕۆ نێو نهێنیەكانی سیحری ئەوین و
نێو دوكوڵاوی ئاتەش و ڕووبار و
بڕۆ نێو مەستبوون
((مەرگ . سەفاو چركەو سەماو
مەرگ ڕۆژێكی ڕۆژژمێری تەمەنەو
مەرگ تاقانەییترین خوداوەندی
بەشەرییەتە))